Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-09

# کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك) لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

(توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراو لە نامەی ماستەر)

**سەردار عبدالرحمان حسێن[1]، کوردستان حمید محمد[2]، ابراهیم قاسم درویش[3]**

1) بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق
٢) کۆلیجی تەکنیکی کەلار، زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق
3) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October , 2025** |

**Keywords**

(کارایی، ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك)، دەستکەوتی خوێندن، گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو)

**Corresponding Author**

sardar.abdull85@gmail.com
Kurdistan.mohammed@gpu.edu.iq
Ibraheem.qasim@garmian.edu.krd

## پوختە:

ئامانجی لەم توێژینەوەیە، زانینی (کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك) لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)ە، لەپێناو ئەو ئامانجە توێژەر دیزانینی (نیمچە کۆنترۆڵکراو)یان لەگەڵ ڕێکارەکانی توێژینەوەکە بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەڵبجە، کە لە(41) قوتابخانە پێکهاتبوو، بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە بە مەبەست قوتابخانەی (حسن ئاوا)ی بنەڕەتی هەڵبژاردرا، توێژەر بەشێوەی (هەڕەمەکی سادە) دوو گرووپی هەڵبژارد و گرووپەکان لەم گۆڕاوانەدا هاوسەنگکران (نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتیی ساڵی پێشوو- تەمەن – ئاستی زیرەکی- ڕادەی خوێندواری دایك و باوك – تاقیکردنەوەی زانیاریی پێشینە)، هەروەها توێژەر بۆ دیاریکردنی بابەتەکانی خوێندن لە ماوەی ئەزموونیدا، (3) بەندی پەرتووکی بابەتە کۆمەلایەتییەکانی هەڵبژارد، لەپێناو داڕشتنی ئامانجەکانی توێژینەوە و بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکە، توێژەر (125) ئامانجیان لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی بلۆم لە بواری مەعریفیدا لە ئاستەکانی (بیرهێنان- تێگەیشتن -جێبەجێکردن – شیکردنەوە) داڕشت، توێژەر تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر دەستکەوتی خوێندن ئامادەکرد، پێکهاتبوو لە (30) بڕگەی لە جۆری (هەڵبژاردن)، هەروەها تاقیکردنەوەیەك بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو، پێکهاتبوو لە (32) بڕگە، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی و جێگیریی ئامڕازەکانی، توێژەر شیکارکردنی ئاماری پێویستیان ئەنجامدا و دەرکەوت هەردوو جۆری تاقیکردنەوەکەی شیاون، بۆ ئامارکردنی داتاکانی توێژینەوەکەیان توێژەر بەرنامەی (spss 30 )یان بەکارهێنا.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەرخست، کە: (جیاوازیی ماناداریی ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی پێشی و پاشی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بەراورد بە ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی پێشی و پاشی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو هەیە، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە، هەروەها جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی دەستکەوتی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە ئاستی دەستکەوتی گرووپی کۆنترۆڵکراو هەیە، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی خستەڕوو.

## پێشەکی

توێژینەوەی پەروەردەیی بنەمای زانستی و تیۆری پەروەردەی مۆدێرن پێکدەهێنێت، ئەم توێژینەوانە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی چۆنیەتی فێربوونی مرۆڤ و کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لەسەر پرۆسەی فێربوون و گەشەپێدانی تیۆری و مۆدێلە نوێکان بۆ باشترکردنی کوالێتی پەروەردە.

جوگرافیا یەکێکە لە بوارە زانستییە گرنگەکان، کە بە نموونەیەکی باش دادەنرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی توێژینەوەی پەروەردەیی و ڕێگاکانی وانەووتنەوە، فێرکردنی جوگرافیا دەرفەتی باش بە مامۆستایان دەدات بۆ بەکارهێنانی ڕێگا جیاوازەکانی وانەوتنەوە، لە هەمان کاتدا فێرکردنی جوگرافیا یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە.

پەروەردە وەک بنەمای گەشەسەندنی هەر کۆمەڵگایەک، پێویستی بە سێ پێکهاتەی سەرەکی هەیە، کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و هاوبەش کاردەکەن بۆ دروستکردنی پرۆسەیەکی فێرکردن و فێربوونی کاریگەر و بەرهەمهێنەر. ئەم سێ پێکهاتە سەرەکییە بریتین لە توێژینەوەی پەروەردەیی وەک بناغەی زانستی، ڕێگاکانی وانەووتنەوە وەک ئامێرە پراکتیکییەکان و جوگرافیا وەک نموونەیەک لە بوارە زانستییەکان، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسانە.

## ناساندنی توێژینەوەکە

### 1-1 کێشەی توێژینەوە: Research Problems

بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کلاسیکی لە لایەن مامۆستایانەوە، لە قوتابخانەکاندا بووەتە هۆی کەمبوونەوەی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیان و لاوازیان لە بیرکردنەوە و حەز و ئارەزوویان بۆ بابەتەکانی خوێندن، زۆربەی ئەو ستراتیجانەی لە ئێستادا بەکاردەهێنرێن، وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەکانی بواری وانەوتنەوە نین، چونکە بەکارهێنانی ڕێگای کلاسیکی لە وانەوتنەوەدا تەنها سەرنج دەخاتەسەر ئەزبەرکردن.

لە زانستە پەروەردەییەکاندا، خوێندن و بیرکردنەوە لە ناو بنچینەییترین تواناکان دێن بۆ بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی فێرکاری تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئەو توانایانەی قوتابیان دەریدەبڕن لە خوێندنی زانیاری و بیرکردنەوەیدا، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی قوتابیان بە تایبەتی لە ئاستی سەرەتایی و ناوەندیدا ڕووبەڕووی ئەو کێشانە دەبنەوە، کە پەیوەندیدارە بە ئاستی دەستکەوتی خوێندن و بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراویان لەسەر ڕووداو و دیاردەکان لە خستنەڕوودا.

بەو پێیەی قوتابخانە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی بیرکردنەوە لای قوتابیان دەگێڕێت، کە دووەم ژینگەیە قوتابیان ماوەیەکی زۆر تێیدا دەمێننەوە، لەم ژینگەیەشدا ڕۆڵ و گرنگیی مامۆستا زیادەکات، چونکە مامۆستا پایەی سەرەکییە لە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان (الفتلاوي،٢٠٢٤: ٢)، چەندین لێکۆڵینەوە لاوازی قوتابیانیان لە دەستکەوت و بیرکردنەوەدا پشتڕاست کردووەتەوە، لەوانە لێکۆڵینەوەی (محمد، ٢٠٢٠) و (عبد، ٢٠٢٢) و (العزاوي، ٢٠٢٣)، هەر بۆیە (الخفاجي، ٢٠٢٣) پێیوایە، لاوازیی زۆربەی قوتابیان بۆ ئەو شێوازە تەقلیدیانە دەگەڕێنێتەوە، کە لە وانەوتنەوەدا پەیڕەوکراون، کە زۆربەی مامۆستایان هاوسەنگ نین لەگەڵ پێشکەوتنەکانی شێوازی وانەوتنەوە (الخفاجي، ٢٠٢٣: ٣).

فەلسەفەی فێرکردنی زانست لە ئێستادا بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە ڕابردوودا هەبووە، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێک کە ئێستا جەختی لەسەر ڕۆڵی ئەرێنیی قوتابیان لە پرۆسەی خوێندندا کردووەتەوە، ئامادەییان دەکات بۆ پراکتیزەکردنی پرۆسە و لێهاتوویی جۆراوجۆری فیکری و بیرکردنەوە، هەروەها گرنگیدان بە شێوازەکانی وانەوتنەوە، کە یارمەتیاندەدات بۆ بەدەستهێنان و بنیاتنانی زانیاری (علي،٢٠٢٤: ٢)، سەردەمی ئێستا گەواهیدەری شۆڕشێکی تەکنەلۆژی بێهاوتایە، ئەم شۆڕشە گۆڕانکارییەکی گەورەی زانستی و مەعریفی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەمەش وایکرد، دامەزراوە پەروەردەییەکان ئارەزووی گەڕان بەدوای باشترین ڕێگاکاندا بکەن بۆ بەکارهێنانی ئەم پێشهاتانە لە بواری پەروەردەدا، چ لە خوێندنی گشتی بێت، چ خوێندنی پیشەیی، یان خوێندنی باڵا، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە کاریگەرترین سوود لەم گەشەسەندنە وەربگیرێن بۆ خزمەتی فێربوون و فێرکردن (حسين،٢٠٢٤: ٢).

توێژەر بە وەڵامی زانستی نەگەشت، بۆیە بڕیاریدا، بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی زانستی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامبدات، گرفتەکانی توێژینەوەکە بەشێوەی پرسیار بەم شێوەیە خرانەڕوو:

- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی نێرداوی گەڕۆک، کارایی لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دەبێت؟
- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی نێرداوی گەڕۆک، کارایی لەسەر بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان هەیە؟

لەبەری نەبوونی وەڵامی زانستی بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە، توێژەر بابەتەکەی وەک کێشەیەک بینی و بڕیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیدا.

### 2-1 گرنگی توێژینەوە: The Importance of Research

بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو یەکێکە لە بنچینەییترین تواناکان لە پرۆسەی خوێندن و فێرکاری، کە تایبەتمەندییەکی ناوازەی بەرزبوونەوەی زانست و تێگەیشتن بەرانبەر زانیارییە نوێکان دروستدەکات، لە پرۆسەی خوێندندا قوتابی تەنها ئەوە بەس نییە، بزانێت

کەچی نووسراوە، بەڵکو دەبێت، بتوانێت ئەو زانیاریانە لەگەڵ زانیارییەکانی پێشتر پەیوەندیدار بکات و پێکەوەیان ببەستێتەوە، بەم شێوەیە بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو کاریگەری هەیە لە پرۆسەی پەروەردەدا.

بیرکردنەوە لە بازنەکانی پەروەردەدا گرنگە، بەو پێیەی گرنگپێدانی زیادیکردووە، تا بووەتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی مەنهەج و باشترکردنی ئاستی فێربوونی قوتابیان، جگە لەوەش تیۆرییە پەروەردەییە مۆدێرنەکان سەرنجیان لەسەر بووە، وەک گرنگیدانیان بە فێرکردنی هاوشێوەکردنی دەروونی لە خوێندنەوە و نووسیندا و هەموو ئەم بابەتانە پێویستیان بە تەرکیزکردنە لەسەر بوارەکانی بیرکردنەوە. (ریان،٢٠٠٦: ٨٠)، یەکێک لە گرنگترین لایەنەکان، کە زانیاریی مامۆستا لەسەر کارامەیی دەردەخات، بریتییە لە وەرگرتنی شێواز و ستراتیجی سەلمێنراو، کە لەگەڵ زانیاری و ژینگە و بابەتی قوتابیدا بگونجێت (محمد،٢٠٢٢: ٤)، هەر بۆیە وانەوتنەوەی کارا و کاریگەر پەیوەستە بە هەموو ئەو شێواز و ڕێبازە جیاوازانەی، کە مامۆستا لەگەڵ قوتابیان لە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و خۆشی و وروژاندنی زیاتر بۆ وانەکە پەیرەوی لێدەکات (احمد،٢٠٢٣: ٥).

لە ئەنجامی پەرەسەندنی زانست و فراوانبوونی بازنەی زانیاریە زانستییەکان، کە ناتوانرێت لە ڕێگەی خوێندنی فەرمیەوە کۆنترۆڵبکرێت، پێویستی بە پەرەپێدانی تواناکانی وانەوتنەوە و فێربوون هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دارشتنی پرۆگرامەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا، لەوانەش شێوازی وانەوتنەوە لەسەر ئاستی زانکۆ و لە کۆلێژەکانی تایبەت بە ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ داهاتوو. (خالد،٢٠٢٣: ٩)، ئەو ستراتیجە گرنگانەی لە ڕابردوودا بۆ مامۆستایان گرنگ بوون، ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەپۆلەکاندا بەکاردەهێنرێن بۆ گەیاندنی زۆرترین زانیاری بە قوتابیان لە کەمترین ماوەدا، ئەمەش وایکرد مامۆستا ببێتە سەرچاوەی زانیاری و ڕۆڵێکی فراوانی هەبێت، (عزیز،٢٠١٤: ٢١-٢٢)، لە پەروەردەی هاوچەرخدا قوتابی کاراە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت، مامۆستاش پلاندانەر و ڕێنوێنی و ڕاوێژکارە بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت ڕۆڵی خۆی جێبەجێبکات، دەبێت ئاشنای شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە بێت (احمد،٢٠١٦: ١)، فێرکردنی باش پێویستی بە لێهاتوویی هەیە لە ئاڕاستەکردنی قوتابیان، وانەوتنەوە تەنها گەیاندنی زانیاری نییە بە قوتابیان، بەڵکو گشتگیرترە، چونکە ڕێنمایکردن و ئاڕاستەکردنیان لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی زۆرترین هەوڵبدەن لە پرۆسەی فێربووندا (فتح الله، ٢٠٢٢: ٤).

توێژەر لە کۆتاییدا کورتەیەک لەمانەی سەرەوە بە خستنەڕووی گرنگی توێژینەوەکانی ئێستا بەم خاڵانەی خوارەوە کۆتایی پێدەهێنن:

١ -سەرچاوەیەک کتێبخانەکان لە بوارەکانی توێژینەوەکان دەوڵەمەنددەکات، کە سوودی بۆ توێژەران و قوتابیانی دەرچووی زانکۆ هەبێت.

٢ -ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك) مامۆستایان ئاشنادەکات بەوەی، کە دەتوانن بۆ قوتابیانی قۆناغە جیاوازەکان بەکاریبهێنن، کە ڕەنگە بەشداربێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەدەستهێنانی چەمکە زانستییەکان و بیرکردنەوەیان.

3 -پێشبینەدەکرێت ئەم ستراتیجییە وا لە قوتابی بکات، زیاتر گرنگی بەوانەکانی بدات و ڕۆڵی کاراتری تێدا ببینێت.

4 -ئەم ستراتیجییە وا لە قوتابیان دەکات، چەندین لێهاتوویی وەک خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان پەرە پێبدات.

## 3-1 ئامانجی توێژینەوە: The Purpose of the Research

1-زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك) لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان\جوگرافیا.

2- زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك) لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## 4-1 گریمانەی توێژینەوە: Research Hypothesis

**گریمانەی یەکەم:** جیاوازی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی (0،05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی نییە، کە بە ستراتیجییەتی (نێردراوی گەڕۆك) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

**گریمانەی دووەم:** جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی نییە، کە بە ستراتیجییەتی (نێردراوی گەڕۆك) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بەرەو بابەتی خوێندن.

## 5-1 سنووری توێژینەوە: The Frontier of Research

1- سنووری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

2-سنووری کات: وەرزی دووەم ساڵی خوێندنی (2024-2025).

3-سنووری بابەت: بەندەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە (پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان – جوگرافیا)، چاپی هەژدەیەم، 2024.

4-سنووری شوێن : قوتابخانەی (حسن ئاوا)ی بنەڕەتی کچان لە ناوەندی شاری هەڵەبجە لەسنووری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەڵەبجە.

## 6-1 پێناسەی زاراوەکان: Definition of Terms

### 1-1-6 کارایی Effectiveness

- (الدريج واخرون، 2011) کارایی بریتییە لەو "تواناداریيەي لە جێبەجێکردنی ئامانجە خوازراوەکانی فێربوون بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو لەپێناو گەیشتن بە ئەنجامە ویستراوەکان" (الدريج واخرون،٢٠١١: ١٤٣).

- (شاكر و منتهى، ٢٠١٦) زاراوەکەی بەم شێوەیە پێناسەکردووە: "ئەو ئەنجامەیە کە لە ئەنجامی ڕووداوێک یان دیاردەیەکەوە لە پەیوەندی کردنی بەو هۆکارانەدا دێتە ئاراوە" (شاكر و منتهى، ٢٠١٦: ٢٩٥).

- پێناسەی ڕێکاریی توێژەر: بڕی کاریگەری چاوەڕوانکراوە لە بەکارهێنانی ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆک) لە گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیادا.

### 2-1-6 ستراتیجی Strategy

- (عبدالرضا و یاسر، ٢٠١٢) پێیانوایە، ستراتیجی وەک جووڵەکانی مامۆستا لەناو پۆلدا و ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدات، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و یەکلەدوایەک ڕوودەدەن، بۆ ئەوەی جووڵەکانی مامۆستا کاریگەر بن، پێویستە توانای فێرکردنی هەبێت (عبدالرضا و یاسر، ٢٠١٢: ٣٤٩).

- (علی، ٢٠١٧) کۆمەڵێک بیرۆکە و پرەنسیپ کە باس لە بوارێکی زانستی مرۆڤ دەکەن بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و دواتر شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو پەرەپێدەدات بۆ دیاریکردنی ڕادەی سەرکەوتنیان و گەیشتن بەو ئامانجانەی کە پێشتر بۆی دانراون. (علی، ٢٠١٧: ٢٣٢).

- پێناسەی ڕێکاری: کۆمەڵێک ڕێکار و هەنگاوی ڕێکخراوە، کە توێژەر لەناو پۆلدا جێبەجێیدەکەن، هەروەها ئامرازی پەروەردەیی و کارایە گونجاوەکان و شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو لەگەڵ سروشتی بابەتی ئەکادیمی و تایبەتمەندییەکانی قوتابیان.

### 3-1-6 (نێردراوی گەڕۆک Rovin Reporter

- (عباس و الزهيري، ٢٠٢٣) پێیان وایە بنەمایەکە بۆ دابەشکردنی قوتابیان بۆ ئاستە جیاوازەکانیان، کارا و یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی فێربوونی قوتابیانی لاواز وەک هۆکارێک بۆ زیادکردنی پاڵنەر (حنين و نجلا، ٢٠٢٣: ٧١).

- (النبهان،٢٠٢٢) وەک ستراتیجێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کارایيەکان، تاقیکردنەوەکان، پێناسەیانکردووە، هەروەها دەتوانرێت بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی دەروونی وەک تێبینی و دەرەنجام بەکاربهێنرێت (النبهان،٢٠٢٢: ٢٨٨).

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: یەکێکە لە ستراتیجییەکانی فێربوونی کارا، کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی یارمەتیانبدات لە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان، دوای ئەوەی مامۆستا قوتابیەکان دابەشدەکات بۆ گرووپی بچووکی چوار کەسی، هەر گرووپێک لە چوار قوتابی پێکدێت، گرووپەکان دیاریدەکات بۆ ئەنجامدانی کارایيەکەی.

### 4-1-6 بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو: Thinking their Associative

- (القطامي،٢٠٠٦) بریتییە لە پرۆسەیەکی هۆشیاری، کە تێیدا جیاکاری و هەڵبژاردن لە نێوان ئەو هاندەرانەدا دەکرێت، کە پەیوەستن بە زانیاری یان بیرۆکەیەکەوە، کە لە مێشکدا هەڵگیراون و وەبیریاندەهێننەوە، ئەمەش پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی هاوبەشە (القطامي، ٢٠٠٦: ١٣٦).

- (اللامي و الحمداوي،2019) دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان دوو شت، یان دوو بیرۆکەدا لە شێوەی ڕوودانی یەکێکیان پێش یان دوای ئەوی دیکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان یەکلەدوایەک، واتە دەتوانرێت وەک لێهاتوویی لە دەرهێنانی هاوبەشی لە نێوان بیرۆکە و ڕووداو و چەمکەکاندا وەسفبکرێت (اللامي و الحمداوي، ٢٠١٩: ٢٧).

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەو کێشانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و گەڕان بە دوای چارەسەری کاریگەردا بۆیان. بیرکردنەوەی پەیوەندیدار بە ئامرازێکی بەهێز دادەنرێت بۆ بەهێزکردنی نەوە تازەپێگەیشتووەکان بۆ بیرکردنەوە و پەرەپێدانی شێوازی مۆدێرن و کاریگەر بۆ فێربوون و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمەش بەشداری لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و ئەدای خوێندنی قوتابی دەکات.

## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکانی پێشوو

### 1-2 تیۆری بونیادگەری

تیۆری بونیادگەری بنیاتنانی واقیعە و لە ئەنجامی بنیاتنانی دەروونیی ئەرێنیدا ڕوودەدات، تێگەیشتن لە ڕێگەی کارلێکی نێوان زانستی پێشوەختەی کەڵەکەبوو و زانینی نوێ بەرهەمدێت و لە ڕێگەی پراکتیکەوە جێگیردەبێت، هەروەها بونیادگەری ڕوونیدەکاتەوە، کە زانستەکانی قوتابخانە دەبێت لە بنیاتنانی زانیاری قوتابی خۆیەوە دەستپێبکات. مامۆستایان دەبێت هانی قوتابیان بدەن بۆ بیرۆکردنەوە و دەرفەتیان پێبدەن بۆ بەکارهێنانی ئەم بیرۆکە نوێیانە، قوتابیان لە کاتی پرۆسەی فێربووندا کارا و کاریگەر دەبن و بە شێوەیەکی ئەرێنی لە وەبیرهێنانەوەی زانیارییەکانی پێشوو بە مەبەستی بنیاتنانی مەعریفەیان بەشداریدەکەن (الغامدی،٢٠١٢: ١٣)، ئەم تیۆرە وا گریماندەکات، قوتابی لە کاتی هەوڵەکانیدا بۆ تێگەیشتن لەو کێشە و ئەزموونانەی، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، زانست بنیاتدەنێت، چونکە بوونەوەرێکی

زیندوو و کاراە و بەردەوام بە دوای زانستەوەیە (احمد، ٢٠٢٠: ٢١٢)، خوێندن و لێکۆڵینەوە لە لایەنی تیۆری و تێگەیشتن لە بناغە تیۆرییەکانی بونیادگەری بۆ سەرکردە پەروەردەییەکان و مامۆستایان گرنگ و پێویستن، لە لایەکی دیکەوە بۆ دارێژەرانی مەنهەج و پەروەردەکاران و بڕیاردەر و سیاسەتی پەروەردەیی و مامۆستا گرنگ و پێویستن (زیتون، ٢٠٠٧: ٢٢).

## 2-2 فێربوونی کارا

### 1-2-2 چەمکی فێربوونی کارا

فێربوونی کارا کاردەکات بۆ ئەوەی گرنگی بە قوتابی بدرێت، وەک تەرکیزخراوەسەری بۆ پرۆسەی پەروەردەیی، بەم شێوەیە ڕۆڵی نەرێنیی قوتابی نەهێڵێت بە دروستکردنی ژینگەی پەروەردەیی، کە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی قوتابیان لە دەرەوەی گوێگرتن و ئاسانکاری بۆ بنیاتنانی کارای، ئەمەش دەبێتە هۆی باشترکردنی توانای قوتابی (معافە و ختاش، ٢٠٢٣: ٤٢٤)، فێربوونی کارانە سەرنجی لەسەر بەدەستهێنانی زانیاری نییە، بەڵکو لەسەر شێواز و شێوازی بەدەستهێنانی زانیاری و لێهاتوویی و بەهاکانی قوتابییە لەکاتی بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا (عواد و زامل، ٢٠١٠: ٢١).

فێربوونی کارا پرۆسەیەکە لە بەشداریکردنی دینامیکی قوتابیان لە بارودۆخی پەروەردەیی، کە پێویستی بە جووڵە و بەشداری کارانە لە هەموو کارایییەکان لە ژێر ڕێنمایی و سەرپەرشتی مامۆستا هەیە (رمضان، ٢٠١٦: ٣٠).

ئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم دواییە دەریانخستووە، کە شێوازی وانەوتنەوە کلاسیکی، کە مامۆستا زانیارییەکان دەخاتەڕوو و قوتابییش تەنها گوێگری قسەکانی مامۆستایە، هەروەها دەرکەوتووە، کە ئەم شێوازە بەشداری لە دروستکردنی فێربوونی ڕاستەقینەدا ناکات (الصیفی، ٢٠٠٨: ٢٣٧). فێربوونی کارا یەکێکە لە ڕەوتە مۆدێرنەکان، کە داوای ڕۆڵی بنەڕەتیی قوتابی دەکات لە پەروەردەدا و جەخت لەسەر یارمەتیدانی قوتابی دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی چەمکە پەروەردەییە پێویستەکان، هەروەها کاردەکات بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە و بۆ بەشداریکردنی کارانە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا (شاکر ، ٢٠١٨: ٣٩٥).

## 3-2 ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك)

ستراتیجی نێردراوی گەڕۆک ستراتیجییەکی فێربوونی کاراە و لەسەر بنەمای بیرۆکەیەک دامەزراوە، ستراتیجەکە بریتییە لە دابەشکردنی قوتابییەکان بۆ گرووپی (4-6) قوتابی لە هەر گرووپێکدا، هەر گرووپێک قوتابییێکی لێ هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لە نێوان گرووپەکانی تردا بجووڵێت و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکات و ئەوەی لە گرووپەکانی تر بینیویەتی یان فێربیووە بە هاوکارەکانی بگەیەنێت، ئامانجی ستراتیجەکە ئەوەیە، قوتابیەکان ڕێگاکان بەدەستبهێنن و کاریگەربن بۆ ئاڵوگۆڕی بیرۆکە لە نێوان خۆیاندا (هادی، ٢٠١٩: ٥٣٨)، ستراتیجی نێردراوی گەڕۆک بەو واتایەیە کە ئەندامێکی گرووپی تاقیکاری بە درێژایی پۆل دەجووڵێت و ئەرکی کۆکردنەوەی زانیارییە لە گرووپەکانی تر و گواستنەوەی بۆ تیمەکەی، تا بتوانن سوودی لێ وەربگرن بۆ ئەو پرسیارانەی، کە پێیان دراوە (جسام و عبداللە، ٢٠٢١: ٣٥٥)، هەروەها (عبداللە و عبدالمهدی، 2023) بەم شێوە پێناسەیدەکەن، ئەندامی تیمێکە بەناو پۆلدا دەسوڕێتەوە، زانیاری و ڕاپۆرتەکان کۆدەکاتەوە و دەیانگوازێتەوە بۆ تیمەکەی بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرێت (عبداللە و عبدالمهدی، ٢٠٢٣: ٦).

لەم ستراتیجییەدا کاتێک ئامانجەکان دارێژراون، گرووپەکان ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە، لەسەر بنەمای سەرکەوتنی هەمووان، هەوڵی هەر ئەندامێکی گرووپەکە بەشداریکردنێکی ناوازەیە، بۆیە ئەم ستراتیجی کاردەکات بۆ زیادکردنی دەستکەوت و پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە بەرەو فێربوونی بابەتەکە و دروستکردنی ژینگەیەکی کارا و کاریگەر نێوان قوتابیاندا، هەروەها گرووپەکان هاندەدات، متمانە بەخۆبوون لای یەکتری زیادبکەن (حردان و عاجل، ٢٠٢٢: ١٩٢).

نێردراوی گەڕۆک لەسەر بنەمای فەلسەفەی فێربوونی هاوبەش و بەشداریکردنی کارلێکانە لە نێوان قوتابیان لە ئاڵوگۆڕی دیدگا و چارەسەر و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەرکە پەروەردەییەکان، بە شێوازێکی جیاوازە (النبهان و الجلیحاوی،٢٠٢٢: ٢٨٨).

### 1-3-2 هەنگاوەکانی ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك)

١- مامۆستا قوتابییەکان بۆ گرووپی بچووکی چوار کەسی دابەشدەکات، هەر گرووپێک لە چوار قوتابی پێکدێت.
٢- گرووپەکان بۆ ئەنجامدانی کارایەک یان تاقیکردنەوەیەکی داواکاری دیاریدەکات.
٣- گرووپەکان دەست بە کارکردن دەکەن.
٤- ئەندامانی گرووپەکە ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی قوتابییێک ڕۆڵی نێردراوی گەڕۆک بگێڕێت.
٥- نێردراوەکە دەچێتە گرووپەکانی تر بۆ ئەوەی بتوانێت کاری هەر گرووپێک ببینێت.
٦- نێردراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ گرووپە سەرەتاییەکەی بۆ ئەوەی ئەو زانیاری و بیرۆکە و پرۆسانەی، کە چاودێری کردووە لە گرووپێکەوە دەیگوازێتەوە بۆ گرووپێکی تر (الشمری،٢٠١١: ٣٧).

### 2-3-2 یاساکانی بەکارهێنانی ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك)

1- **پێناسەکردنی ئەرکەکان**: پێویستە، ناوەڕۆکی فێربوون پێناسەبکرێت، چەمک بێت، پارچەی خوێندنەوە بێت، چیرۆک بێت، یان کێشە بێت، بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدات بەکۆمەڵ کاربکەن و هاوکاری یەکتر بکەن.

2- **کاتی**: ئەو کاتە دیاریبکرێت کە (نێرداوی گەڕۆك) دەست دەکات بە جووڵە لە نێوان گرووپەکاندا لە سەرەتا، ناوەڕاست، یان کۆتایی وانەکەدا.
٣- قەبارەی گرووپ: ئەدەبیاتی پەروەردەیی باس لەوە دەکات، کە باشترین گرووپەکان ئەوانەن، کە قەبارەیان لە نێوان (٣-٦) قوتابیدایە، چونکە ئاستی کارلێککردن لە نێوانیاندا باشترە و قبووڵکردنی دیدگای جیاوازیان هەیە.
٤- **ماوەی بوونی گرووپەکە**: دروستکردنی گرووپی پەروەردەیی لە کورتخایەندا باشترە، چونکە یارمەتی قوتابیان دەدات، چەندین ئەزموون و لێهاتوویی جیاواز ئاڵوگۆڕ بکەن و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هاوتەمەنەکانیان بکەن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەندامێتی جیاواز لە گرووپێکدا (الجبوری، ٢٠٢٣: ١٧٨).

## 3-3-2 سوودی ستراتیجی (نێرداوی گەڕۆك)

١- کۆکردنەوەیەکی ئامانجدار لە نێوان بەرهەمەکانی کاری گرووپە هاوبەشەکاندا دابیندەکات.
2- گیانی هاوکاری بەرز دەکاتەوە بە بەکارهێنان و کۆکردنەوەی ئەو بیرۆکانەی، کە بە گرووپی فێرکاری جیاواز دروستبوون.
٣- رێگە بە قوتابیان دەدات، کە لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرەکانی هاوپۆلەکانیان کۆببنەوە و هاوکاری یەکتربن (الشنجار، ٢٠١٩: ٢١٣).

## 4-2 بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو Their Associative Thinking

## 1-4-2 گرنگیی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو

١- یارمەتی قوتابی دەدات بۆ بڕیاردان لە کاتی خۆیدا.
2- دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکان بە ئاسانی.
3- توانای قوتابی بۆ بەکارهێنانی توانا دەروونییەکانی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا.
4- بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵنەر و راکێشانی سەرنج بۆ ئەو بابەتانەی پێشکەش بە قوتابی دەکرێت، ئەمەش هانیدەدات بۆ بەشداریکردنی کاریگەر.
5- توانای قوتابی بۆ بەستنەوەی هۆکار و کاریگەری، بیرکردنەوەیەکی سیستماتیکی لێیان و دۆزینەوەی هۆکارەکانی روودانی ئەنجامەکە.
6- بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو تەنها لە لایەنە مەعریفییەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ لایەنە پیشەسازی و پلاندانان و سیاسییەکانیش (محسن، ٢٠٢٤: ٣٣-٣٤).

## 2-4-2 تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو

1- بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو رێگەدەدات بە دۆزینەوەی چارەسەری جێگیر بۆ کێشەکان، تەنانەت ئەگەر باروودۆخیشیان جیاواز بێت.
٢- بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بریتییە لە زنجیرەیەک بەستەر، کە وا دەکات لە کاتی پێویستدا ئاماژەیان پێبدات.
٣- بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بەشدارە لە پاشەکەوتکردنی کات و ماندووبوون.
٤- تاک دەتوانێت بە خێراییەکی باش و دیاریکراو بەرەو پێشەوە بچێت، بە لەبەرچاوگرتنی روونی دەرئەنجامە پێشکەشکراوەکانی یان هۆکارەکانی.
٥- تاک دوای زانینی هۆکار و دەرئەنجامەکانی و دووبارەکردنەوەی زیاتر لە جارێک، خۆی لە کەوتنە ناو هەندێک کێشە بەدووردەگرێت (الحجیمی، 2024: 36).

## 3-4-2 کارامەییەکانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو

1- دەستنیشانکردنی ئەو بیرۆکانەی، کە بەیەکەوە ببەسترێنەوە: ئەمە ئەو لێهاتووییەیە، کە تیایدا مێشکی قوتابی کارا دەبێت بۆ ئەوەی بزانێت، چی پێویستە بۆ ئەوەی ببەسترێتەوە بەو شتەی بۆی دەخرێتەڕوو، بەو مانایەی ئاگاداری ئەوەیە، کە چی پێویستە.
٢- دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان: بە مەرجێک ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی لۆژیکی بێت، شیکاری پەیوەندییەکانی نێوان ئەو توخمانەیە، کە دەبێ بەیەکەوە ببەسترێنەوە و دیاریکردنی نیشاندەرەکانیان بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەک بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکان.
٣- دیاریکردنی ئەو ئەنجامەی، کە دەبێت بەدەستبهێنرێت: ئەویش کارایی دەروونیی قوتابیە لە پرۆسەی لێبڕیندا بەدەستی دەهێنێت، ئەم رێکارانە بە کۆی گشتی و یەکگرتنیان بیرکردنەوەی هاوبەش پێکدەهێنن و ئەمانەش کردارە دەروونییەکانن، کە لەناو دەروونندا روودەدەن (الفتلی و نور، ٢٠٢١: ٣٣٥-٣٣٦).

## 4-4-2 شێوازەکانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو

**1**- رێکەوت: کاتێک کە توخمە هاوبەشەکان هاندەدرێن و بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بەهۆی هاندەرە ژینگەییەکانەوە، کە بە رێکەوت روودەدەن، بۆیە پەیوەندی نوێ لە نێوان ئەو توخمانەی کە پێشتر بەستراو نەبوون پێیانەوە دەردەکەون.
2- لێکچوون: رەنگە توخمە پەیوەندیدارەکان بە هاوبەشی لەگەڵ یەکتردا بوروژێنرێن لە ئەنجامی لێکچوونی نێوان ئەم توخمانە یان لە نێوان ئەو هاندەرانەی، کە هانیاندەدەن و روودانی پەیوەندی نێوان ئەم توخمانە دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ گشتاندنی هاندەرەکان.
٣- نێوەندگیری: رەنگە توخمە پەیوەندییە پێویستەکان لە کاتی خۆیدا لە رێگەی نێوەندگیری توخمە ئاشناکانی دیکەوە پێکەوە دەربهێنرێن و ئەمەش لە بوارەکانی زانستدا باو و ئاساییە، کە هێما بەکاردەهێنن (العوادی، ٢٠٢٣: ٢٧٦).

## 5-2 توێژینەوەکانی پێشوو: Previous research

خشتەی ژمارە ( 1 )

### 1-5-2 ئەو توێژینەوانەی کە باسیان لە ستراتیجی (نێرداوی گەڕۆك) و کاریگەریان لەسەر دەستکەوتی خوێندن کردووە.

| ژ | ناوی توێژەر و وڵات و ساڵی ئەنجامدانی | ئامانجی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و قەبارەی نموونەی | میتۆدی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ناصر عێراق، (2024)ز. | زانینی کاریگەری ستراتیجی (نێرداوی گەڕۆك) لەسەر فێربوونی کارامەیی خولانەوە لای قوتابیانی پۆلی دەیەم و مامەڵەکردنیان لە تۆپی پێدا. | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم قوتابیانی پۆلی دەیەم لە قوتابخانە ئامادەیەکانی کوڕان بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2023)، نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (40) قوتابی بۆ هەردوو گرووپ. | ئەزموونی | توێژەر بەرنامەی SPSSی بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان. | کارکردن لە ڕێگەی ستراتیجی یارمەتیدەر بوو بۆ پێدانی ڕۆڵێکی سەرەکی بە قوتابی لە سەرکردایەتیکردنی وانەکە و گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان. |
| 2 | الجليحاوی عێراق، (2022)ز. | زانینی کاریگەری ستراتیجی (نێرداوی گەڕۆك) لە چارەسەرکردنی کێشەکانی فیزیا لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی فیزیادا. | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم قوتابیانی پۆلی دەیەم لە قوتابخانە ئامادەیەکانی کوڕان لە پارێزگای کەربەلا بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2021)، نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (64) قوتابی بۆ هەردوو گرووپ. | ئەزموونی | - هاوکۆلکەی الفاکرونباخ.<br>- هاوکۆلکەی گرانی برگەکان.<br>- هێزی جیاکەرەوە.<br>- تاقیکردنەوەی (t-test).<br>- ڕێژەی سەدی.<br>- هاوکێشەی هۆڵستی. | بە بەکارهێنانی ستراتیجی (نێرداوی گەڕۆك) جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری هەیە لە نوێنەرایەتی پرۆسەیەکی کاریگەر و کارا، کە دەرفەت دەدات بە قوتابی بۆ بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی کێشە جەستەییەکان و کارایە کرداری و زانستییەکان. |

### 2-5-2 ئەو توێژینەوانەی کە باسیان لە بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو کردووە.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | الحجیمی، عێراق (٢٠٢٤)ز. | زانینی کاریگەریی ستراتیجی جەمسەرەکانی موگناتیسی لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەم لە بابەتی زمانی عەرەبی. | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم قوتابیانی پۆلی هەشتەمی کوڕان، لە قەزای غماس بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2023)، نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (70) قوتابی بۆ هەردوو گرووپ. | ئەزموونی | - هاوکۆلکەی گرانی برگەکان.<br>- هێزی جیاکەرەوە.<br>- کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان.<br>- تاقیکردنەوەی (t-test).<br>- هاوکۆلکەی الفاکرونباخ.<br>- کای سکویر.<br>- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن.<br>- هاوکێشەی قەبارەی گرانی.<br>- ڕێژەی پەیوەندی بوینت باسیریال. | بە بەکارهێنانی ستراتیجی دوو جەمسەریی موگناتیسی یارمەتی قوتابییەکانی دا بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو و کارکردن بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی ئەو کێشانەی، کە قوتابیان ڕووبەڕووی دەبنەوە. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | محسن عێراق (٢٠٢٤)ز | زانینی کاریگەری ستراتیجی شیکردنەوەی تۆڕ لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لای قوتابیانی پۆلی هەشتەم لە بابەتی کیمیا. | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم قوتابیانی پۆلی هەشتەم، لە سەنتەری پارێزگای کەربەلا بۆ ساڵی خوێندن (2024-2023)، نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (78) قوتابی بۆ هەردوو گرووپ. | ئەزموونی | - هاوکۆلکەی گرانی برگەکان. - هێزی جیاکەرەوە. - کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان. - هاوکۆلکەی ریشاردسون. | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، چونکە بەکارهێنانی ستراتیجی شیکردنەوەی تۆڕ کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بۆ قوتابیان بە بەراورد لەگەڵ شێوازی ئاسایی. |


## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### 1-3 میتۆدی توێژینەوە: Research Method

توێژەر میتۆدی ئەزموونییان پەیرەوکردووە، کە بەمیتۆدێکی گونجاوی زانیوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆ بزانێت بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان، هەروەها بۆ پێوانەکردنی کاریگەری یەکێك لە گۆڕاوە سەربەخۆکان بۆ سەر گۆڕاوی ناسەربەخۆ، لەمیانەی کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو هۆکارانەی دەوری ئەو دیاردەیەیان داوە.

### 2-3 دیزاینی ئەزموونی: The design of the experience

توێژەر پشت بە دیزاینی نیمچە ئەزموونییان بەستووە، کە گونجاو بوو بۆ بارودۆخی توێژینەوەکەی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دیزاینەدا هەردوو گرووپ (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) کەوتوونەتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ پێودانگی ستراتیجی نێردراوی گەڕۆک بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان . بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١):




هێڵکاری ژمارە (١) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە

### 3-3 کۆمەڵگەی توێژینەوە: Research Society

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە **(Research Population)** یەکێکە لە هەنگاوە بنەڕەتی و چارەنووسسازەکان لە هەر پرۆسەیەکی توێژینەوەی زانستیدا. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید (دەوامی ڕۆژ) بۆ ساڵی خوێندنی (2025-2024). بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

خشتەی ژمارە ( 2 )

کۆمەڵگەی توێژینەوە

| ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابیانی کوڕ | ژمارەی قوتابیانی کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 41 | ١٠٠١ | ٩٦٤ | 5069 |

### 4-3 نموونەی توێژینەوە: Research Examples

توێژەر بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت، لێکۆڵینەوەکەی لەسەری ئەنجامدەدات، پاشان ئەو ئەنجامانە بەکاردەهێنرێن و دەگوازرێنەوە بۆ تەواوی دانیشتوانی توێژینەوەکە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات.

### 1-4-3 نموونەی قوتابخانە

بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە، پاش ناردنی نوسراو لە ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی گەرمیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید، توێژەر بەمەبەست (قوتابخانەی حسن ئاوا)ی بنەڕەتی کچانی هەڵبژارد تاوەکو ئەزموونەکەی تیادا ئەنجامبدرێت، ئەوەش بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

1- ئامادەبوونی بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی قوتابخانەکە بۆ هاوکاریکردن بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکە.
2- گونجاوی قوتابخانەکە، لە ڕووی باڵەخانەو بوونی ژمارەی پۆل و قوتابیانی پێویست و هۆڵی تایبەت بۆ وانەووتنەوە.

### 2-4-3 نموونەی قوتابی

توێژەر پاش سەردانیکردنیان بۆ قوتابخانەکە، بۆیان دەرکەوت، کە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە چوار گرووپ ( أ ، ب ، ج ، د) پێکهاتووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (3).

خشتەی ژمارە ( 3 )

گرووپ و ژمارەی قوتابیانی نموونەی توێژینەوە

| هۆبە | گرووپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابیانی دوورخراو | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|
| د | ئەزموونی | ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك) | 23 | 3 | 20 |
| أ | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | 26 | 6 | 20 |

هۆکاری سەرەکیی ئەم دوورخستنەوەیە ئەوە بوو، کە قوتابیانی دەرنەچوو، بەهۆی ئەزموونی ساڵی پێشوویان و تەمەنی زیاتریان، ئەگەری ئەوەیان هەیە، کە لە ڕووی گەشەی عەقڵی، دەروونی، و کۆمەڵایەتییەوە جیاوازییەکی بەرچاویان هەبێت لەگەڵ هاوپۆلەکانیاندا.

### 5-3 هاوتاکردنی گرووپەکان لە گۆڕاوە دەرەکییەکانی توێژینەوە: Balancing Research Groups

خشتەی ژمارە ( 4 )

هاوتاکردنی گرووپەکان لە گۆڕاوە دەرەکییەکانی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تی (ت) هەژمارکراو | بەهای تی (ت) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ئەزموونی | 164 | 6.69 | 38 | 1.941 | 2.024 | بەڵگەداری نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | 168 | 9.95 | | | | |
| زانیای پێشینە | ئەزموونی | 12.75 | 2.91 | 38 | 0.458 | 2.024 | |
| | کۆنترۆڵکراو | 13.20 | 3.29 | | | | |
| نمرەی ساڵی پێشوو | ئەزموونی | 69.25 | 17.35 | 38 | 0.478 | 2.024 | |
| | کۆنترۆڵکراو | 66.75 | 15.68 | | | | |
| گەشەپێدانی بیرکردنەوە | ئەزموونی | 15.10 | 4.01 | 38 | 1.99 | 2.024 | |
| | کۆنترۆڵکراو | 17.30 | 2.86 | | | | |
| ئاستی زیرەکی | ئەزموونی | 38.15 | 4.82 | 38 | 1.314 | 2.024 | |
| | کۆنترۆڵکراو | 35.45 | 7.83 | | | | |

جیاوازی لە هیچ یەکێك لەو گۆڕاوانەی هاوتاکردندا نییە، لەبەر ئەوەی بەهای هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی.

### 1-5-3 تەمەنی قوتابیان

بە سوودوەرگرتن لە تۆماری فەرمی قوتابخانە، کە لە سیستەمی ئەلیکترۆنیی (E-parwarda) هەروەها توێژەر فۆرمێکی تایبەتیان بەسەر قوتابیانی هەردوو گرووپدا دابەشکرد، توێژەر هەستان بە هەژمارکردنی تەمەنی وردی هەر قوتابییێک بە مانگ، بە ڕەچاوکردنی ڕێکەوتێکی دیاریکراو، کە بریتی بوو لە (2024/3/4). تەمەنی هەر قوتابییێک بە مانگ، وردەکاریی زیاتری ئەم شیکارییە ئامارییە لە خشتەی ژمارە (4)دا خراوەتەڕوو.

### 2-5-3. زانیاریی پێشینەی قوتابیانی هەردوو گرووپ بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیا

بۆ دڵنیابوون لە هاوتایی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕووی زانیاری پێشینەیان لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بابەتی (ڕاست/هەڵە و هەڵبژاردن)یان لە ٢٠ برگە ئامادەکرد، کە ناوەڕۆکەکەی لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

وەرگیرابوو (پاشکۆی 1). دواى وەرگرتنی بۆچوون شارەزایان لەسەر شیاوبی برگەکان (پاشکۆی 2)، تاقیکردنەوەکە لە 2025/3/9 بەسەر هەردوو گرووپدا جێبەجێکرا، وەڵامەکان بە شێوەی (١ نمرە بۆ ڕاست، 0 بۆ هەڵە) بوو، وردەکاریی زیاتری ئەم شیکارییە ئامارییە لە خشتەی ژمارە (4)دا خراوەتەڕوو.

### 3-5-3. نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

توێژەر نمرەی کۆتایی ساڵی خوێندنی پێشوو (٢٠٢٣-٢٠٢٤)یان بۆ بابەتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرجەم قوتابیانی هەردوو گرووپەکە لە تۆماری فەرمی قوتابخانە وەرگرت، وردەکاریی زیاتری ئەم شیکارییە ئامارییە لە خشتەی ژمارە (4)دا خراوەتەڕوو.

### 4-5-3. تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لای قوتابیانی هەردوو گرووپ

بۆ پێوانی ئاستی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لە بابەتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیا، توێژەر پێوەرێکی تایبەتیان ئامادەکرد و گەشەیان پێدا، تا گەیشتنە شێوەی کۆتایی خۆی. دواى ئامادەبوونی پێوەرەکە، توێژەر لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (2025/3/4)دا، پێوەرەکەیان بەسەر سەرجەم قوتابیانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێکرد. وردەکاریی زیاتری ئەم شیکارییە ئامارییە لە خشتەی ژمارە (4)دا خراوەتەڕوو.

### 5-5-3. ئاستی زیرەکی

تاقیکردنەوەی ڕاڤن بە شێوەیەکی گشتی لە (٦٠) برگەی وێنەیی پێکدێت، کە دابەشکراون بەسەر پێنج گرووپی سەرەکیدا (A, B, C, D, E)، و هەر گرووپێکیش (١٢) برگە لەخۆدەگرێت، کە وردە وردە لە ئاسانەوە بۆ قورستر دەڕۆن. بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و هاوکات بەسەر هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا، توێژەر سوودیان لە تەکنەلۆژیای داتاشۆ وەرگرت. تاقیکردنەوەکە لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (2025/3/6) ئەنجامدرا. کاتی تەرخانکراو بۆ وەڵامدانەوەی سەرجەم برگەکانی تاقیکردنەوەکە (60) خولەک بوو. دواى تەواوبوونی کاتی دیاریکراو و کۆکردنەوەی وەڵامنامەکان، توێژەر هەستان بە پشکنین و هەڵچنی وەڵامەکان بەپێی کلیلی ستانداردی تاقیکردنەوەکە، سیستەمی نمرەدانان بەو شێوەیە بوو، کە بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست، قوتابی یەک (١) نمرەی وەردەگرت و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە یان بەجێهێڵراو، نمرەی سفر (٠)ی بۆ دادەنرا. وردەکاریی زیاتری ئەم شیکارییە ئامارییە لە خشتەی ژمارە (4)دا خراوەتەڕوو.

### 6-5-3. ئاستی خوێندەواریی باوکان

توێژەر زانیاریان لەسەر ئاستی خوێندنی باوکی قوتابیانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو کۆکردەوە. ئەم زانیارییانە لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەستهێنران کە بەسەر قوتابیاندا دابەشکرابوو (پاشکۆی 3). ئاستەکانی خوێندنی باوکان پۆلێنکران، بۆ چەند ئاستێکی دیاریکراو ڕیزبەندی کران لە نزمترینەوە بۆ بەرزترین. بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە دابەشبوونی ئاستی خوێندنی باوکاندا لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا هەیە یان نا، توێژەر پەنایان بردە بەر تاقیکردنەوەی کای سکوێر($\chi^2$ - Chi-square test) . ئەم تاقیکردنەوەیە گونجاوە بۆ بەراوردکردنی داتای پۆلێنکراو (Categorical Data) لە نێوان دوو گرووپ یان زیاتردا. وردەکاریی زیاتری ئەم شیکارییە ئامارییە لە خشتەی ژمارە(5)دایە.

خشتەی (5)

بۆ جیاوازیی ئاستی بڕوانامەی باوکان$\chi^2$بەهای (کای سکوێر)

| گۆڕاو | گرووپەکان | ناوەندی دەستهاتی باوکان | | | $\chi^2$بەهای (کای سکوێر) | | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | ناوەندی و سەرەتایی | ئامادەیی و زیاتر | نمرەی ئازاد | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئاستی خوێندەواری باوکان | ئەزموونی | 5 | 5 | 10 | 2 | 0.556 | 5.991 | بەڵگەدار نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | 5 | 7 | 8 | | | | |
| | کۆ | 10 | 12 | 18 | | | | |

### 7-5-3. ئاستی خوێندەواریی دایکان

توێژەر زانیاریان لەسەر ئاستی خوێندنی دایکی قوتابیانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو کۆکردەوە. ئەم زانیارییانە لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەستهێنران، کە بەسەر قوتابیاندا دابەشکرابوو (پاشکۆی 3). ئاستەکانی خوێندنی دایکان پۆلێنکران، بۆ چەند ئاستێکی دیاریکراو ڕیزبەندی کران لە نزمترینەوە بۆ بەرزترین. بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە دابەشبوونی ئاستی خوێندنی دایکاندا لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا هەیە یان نا، توێژەر پەنایان بردە بەر تاقیکردنەوەی کای سکوێر ($\chi^2$ - Chi-square test). ئەم

تاقیکردنەوەیە بۆ بەراوردکردنی داتای پۆلێنکراو (Categorical Data) لە نێوان دوو گرووپ یان زیاتردا گونجاوە. وردەکاریی زیاتری ئەم شیکارییە ئامارییە لە خشتەی ژمارە(6)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (6)

بۆ جیاوازیی ئاستی بڕوانامەی دایکان $\chi^2$بەهای (کای سکوێر)

| گۆڕاو | گرووپەکان | ناوەندی دەستهاتی دایکان | | | $\chi^2$بەهای (کای سکوێر) | | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | ناوەندی و سەرەتایی | ئامادەیی و زیاتر | نمرەی ئازاد | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئاستی خوێندەواری دایکان | ئەزموونی | 5 | 6 | 9 | 2 | 1.912 | 5.991 | بەڵگەدار نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | 8 | 7 | 5 | | | | |
| | کۆ | 13 | 13 | 14 | | | | |

## 6-3 پێداویستییەکانی توێژینەوەکە: Research Requirements

### 1-6-3 دیاریکردنی بابەتی خوێندن: Select Study Topic

توێژەر سوودیان لە ئەنجام و ناوەڕۆکی چەند توێژینەوەیەکی پێشووتری هاوشێوە وەرگرت، کە لەسەر هەمان پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ئەنجامدرابوون، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا، بڕیاردرا، کە بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە سێ بەندی سەرەکی (بەندی یەکەم، دووەم، و سێیەم) لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/بەشی جوگرافیا لەخۆبگرێت. ئەم کتێبە، کتێبی فەرمی و بڕیارلێدراوی خوێندنە بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندکراوە (چاپی هەژدەیەم، ساڵی ٢٠٢٤ی زایینی). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، ناوی بەندەکان، ناونیشانی وانەکان، و ژمارەی ئەو لاپەڕانەی کە لە ماوەی ئەزموونەکەدا دەخوێندرێن، بە وردی لە خشتەی ژمارە (7)دا خراونەتەڕوو.

خشتەی (7)

دیاریکردنی بەند و ناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان بۆ بابەتی ئەزموونەکە

| بەندەکان | ناونیشانی بەندەکان | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | کیشوەری ئاسیا | 20 |
| دووەم | کیشوەری ئەوروپا | 14 |
| سێیەم | کیشوەری ئەفریقیا | 16 |
| کۆی گشتی | | 25 |

### 2-6-3 دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان: Identifying and Formulating Behavioral Goals

ئامانجە ڕەفتارییەکان ڕۆڵێکی جیاواز دەگێڕن، لەبەرئەوەی ڕێنماییەک دابیندەکات، کە یارمەتی مامۆستا و قوتابی بۆ هەڵبژاردنی ئەزموونە پەروەردەییەکان و ئەرکی کارای گونجاو دەدات، هاوکات بەشدارە لە دیاریکردنی ئاستی قوتابی و مادەی پەروەردەیی و ئەم ڕۆڵەش بەشدارە لە تەواوکردن و گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییە گشتییەکان ، هەروەها یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی لایەنە جیاوازەکان، ئەو زانیارییە پێویستانەی کە پێویستە جەختیان لەسەر بکرێتەوە و ئەوەی پێویستە لە ناوەڕۆکی مەنهەجەکە هەڵبژێردرێت (صالح و داخل، ٢٠١٨: ٩٠). لەبەر ئەم گرنگییە زۆرەی ئامانجە ڕەفتارییەکان، توێژەر بە وردی و بە پشتبەستن بە سروشتی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی، کە لە توێژینەوەکەدا دیاریکرابوون، هەستان بە داڕشتنی کۆمەڵێک ئامانجی ڕەفتاری. ژمارەی کۆی ئامانجە داڕێژراوەکان گەیشتە (125) ئامانج، ئەم ئامانجانە بە گوێرەی پۆلێنکردنی بەناوبانگی بلوم (Bloom) بۆ بواری مەعریفی (زانستی) داڕێژران و چوار ئاستی سەرەکی ئەم پۆلێنکردنەیان لەخۆگرت: بۆ دڵنیابوون لە دروستی، گونجاوی، نموونەیەک لە ئامانجە داڕێژراوەکان خرایە بەردەم کۆمەڵێک کەسی شارەزا و پسپۆڕ (لیستی ناوی پسپۆڕان لە پاشکۆی ژمارە 4 هاتووە). بە بەکارهێنانی هاوکێشەی جی کوپەر (J. Cooper)، ڕێژەی ڕێککەوتنی پسپۆڕانی دەکاتە 91% .

### 3-6-3 ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە: Preparation of a Teaching Plan

مەبەست لە پلانی وانەوتنەوە گرتنەبەری پرۆسەیەکی وێناکردن و خستنەکاری ئەو بڕیاردراوانەیە، کە پێویستە بگرێتەبەر لە پێناو ئاڕاستەکردنی کارایییەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراوی سنووردار، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (12) پلانیان بۆ هەریەك لە

گرووپی ئەزموونی بەپێ ستراتیجییەتی (نێرداوی گەرۆك) و گرووپی کۆنترۆلکراو بە ڕێگای ئاسایی ئامادەکرد و نموونەیەك لەو پلانانە خرایە بەردەم پسپۆران، کە پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان گۆڕانکاری پێویست لەپلانەکەدا کرا.

## 7-3 ئامرازەکانی توێژینەوە: Research Tools

### 1-7-3 تاقیکردنەوەی دەستکەوت: Exams were obtained

یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکان بریتی بوو لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی گونجاو و ستاندارد. ئامانجی سەرەکی لەم تاقیکردنەوەیە پێوانەکردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بوو لەو بابەتە تایبەتەی، کە لە چوارچێوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیا دەخوێندرا. بۆ دڵنیابوون لە کوالێتی و دروستی تاقیکردنەوەکە، توێژەر لە قۆناغی ئامادەکردنیدا پەیڕەوی لە کۆمەڵێک هەنگاوی زانستی و سیستماتیکی کردووە، کە لە خاڵەکانی داهاتوودا بە وردی باس دەکرێن:

### 1-1-7-3 ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

توێژەر بەندەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنیان لە جۆری بابەتی/هەڵبژاردن ئامادەکرد، پرسیارەکان لە (30) برگە پێکهاتبوو، (4) جێگرەوەش (بدائل) بۆ هەر بڕگەیەك، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی قوتابان لە ئاستی (بیرهێنان، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە) بوو، بۆ دڵنیابوون لە شیاوی تاقیکردنەوەکە توێژەر خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکەیان بەم ڕێکارانەی خوارەوە دەرهێنا:

### 2-1-7-3 ڕاستێتی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

ڕاستێتی و دروستی تاقیکردنەوەکان ڕاستەخۆ پەیوەندی بەو مەبەستەوە هەیە، کە تاقیکردنەوەی لە پێناودا ئامادەکراوە، بە مەبەستی زانینی ڕاستێتی پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی یان ئەو ڕفتارەی، کە بۆی ئامادەکراوە، بۆیە توێژەر هەوڵیاندا دوو جۆر ڕاستێتی پشتڕاستبکەنەوە، ئەوانیش ڕاستێتی ڕواڵەت و ڕاستێتی ناوەڕۆک بوون:

### 1-2-1-7-3 ڕاستێتی ڕواڵەت:

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەیان خستە بەردەستی کۆمەڵێك لە پسپۆڕانی بوارەکە بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر برگەکانی تاقیکردنەوەکە و ئاستی گونجاوی برگەکان، سەرجەم برگەکان ڕێژەی ڕازیبوونی (95%) زیاتری بەدەستهێنا، کە ژمارەیان (30) برگە بوو، بەپشتبەستن بە هاوکێشەی (جی کوپەر -j.cooper) بەم شێوەیە ڕاستێتی ڕواڵەت دەرهێنرا.

### 2-2-1-7-3 ڕاستێتی ناوەڕۆك

بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی ناوەڕۆك، توێژەر خشتەی تایبەتمەندی و برگەکانی تاقیکردنەوەکەیان بە پێی ئامانجە ڕەفتارییەکان خستە بەردەستی کۆمەڵێك لە پسپۆڕانی بوارەکە.

### 3-1-7-3 ئەزموونی بەرایی (سەرەتایی) (التجربة الاستطلاعية)

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم تاقیکردنەوەیە، بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ڕوونیی برگەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ جێبەجێکردن و دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە، توێژەر ئەزموونی سەرەتاییان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئەنجامدا، کە بە شێوازی هەڕەمەکیی سادە هەڵبژێردران، ژمارەیان بریتی بوو لە (40) قوتابی لە قوتابخانەی (چوارچرای کچانی بنەڕەتی)، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (2025/3/2)، پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بەندەکانی خوێندن. جێ ئاماژەیە برگەکانی تاقیکردنەوە ڕوون و ئاشکران و هیچ ئاڵۆزییەکی ناڕوونیان تێدانییە، کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکرنەوەکە بریتی بوو لە (40) خولەك لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە: کاتی تاقیکردنەوە = (کاتی تەواوکردنی یەکەمین قوتابی + کاتی تەواوکردنی کۆتا قوتابی) / ٢. بەپێی ئەم هاوکێشەیە، کاتی پێویست بریتی بوو لە (٤٠) چل خولەك: (٢٥ خولەک + ٤٧ خولەک) / ٢ = 36 خولەک.

### 4-1-7-3 شیکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوە

دوای ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوە، بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانیی برگەکان و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان، توێژەر تاقیکردنەوەکەیان لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدا، نموونەی بەراییان هاوشێوەکرد لە قوتابخانەکانی (شەهید ئازاد هەورامی بنەڕەتی کچانی)، کە پێکهاتبوو لە (100) قوتابی، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2025/3/12)، پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بابەتی خوێندن، دوای پرۆسەی هەڵەچنی بۆ وەڵامی قوتابان بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە، ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بە شێوەی ژماردنی سەربەرەخوار (تنازلی) لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، وە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕێژەی (27%) لە گرووپی ئاستبەرز و (27%) لە گرووپی ئاستنزم، هەروەها کۆی گشتیی ژمارەی قوتابیان دەکاتە (54) قوتابی، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گرووپی بەشێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە خوارەوە:

### 3-7-1-4-1 هاوكۆلكەی گرانیی برگەكان

توێژەر یاسا و هاوكێشەی ستانداردیان تایبەت بە هاوكۆلكەی گرانی بەكارهێنا (كە بریتییە لە كۆی ژمارەی وەڵامە دروستەكان لە هەردوو گرووپی ئاست بەرز و نزم، دابەشكراو بەسەر كۆی ژمارەی قوتابیان لە هەردوو گرووپدا). لە ئەنجامی شیكارییەكاندا دەركەوت، كە ئاستی گرانیی برگەكانی ئەم تاقیكردنەوەیە دەكەوێتە نێوان (0.31) و (0.80). ئەم مەودایە بۆ تاقیكردنەوەكانی دەستكەوت بە گشتی بە مەودایەكی پەسەندكراو دادەنرێت. بەپێی زۆربەی سەرچاوەكانی پێوانە و هەڵسەنگاندن، ئاستی گرانی (یان ئاسانی)ی برگەیەک بە پەسەند دادەنرێت، ئەگەر بەهای هاوكۆلكەكەی بكەوێتە نێوان (0.20) و (0.80) یان (20% بۆ 80%). لەبەر ئەوەی هەموو برگەكانی ئەم تاقیكردنەوەیە لەم مەودای پەسەندكراوەدا بوون، بڕیاردرا، كە لە ڕووی ئاستی گرانییەوە گونجاون.

### 3-7-1-4-2 هێزی جیاكاریی برگەكان

توێژەر بۆ دەرهێنانی هێزی جیاكاریی هەریەک لە برگەكانی تاقیكردنەوەكە، پشتیان بە هاوكێشەیەكی ستانداردی تایبەت بەم مەبەستە بەست (كە بریتییە لە جیاوازیی نێوان ڕێژەی وەڵامی دروستی گرووپی ئاستبەرز و ڕێژەی وەڵامی دروستی گرووپی ئاستنزم بۆ هەمان برگە). لە ئەنجامی شیكارییەكاندا دەركەوت، كە بەهای هاوكۆلكەی هێزی جیاكاری بۆ برگەكانی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن دەكەوێتە نێوان (0.26) و (0.70). بەپێی پێوەرە باوەكان لە بواری پێوانە و هەڵسەنگاندندا، بە گشتی هەر برگەیەک كە هاوكۆلكەی هێزی جیاكارییەكەی (0.20)، یان زیاتر بێت، بە برگەیەكی پەسەندكراو و خاوەن هێزی جیاكاریی باش دادەنرێت. لەبەر ئەوەی هەموو برگەكانی ئەم تاقیكردنەوەیە بەهای هێزی جیاكارییان لە (0.20) زیاتر بوو، ئەوا هەموویان وەک برگەی پەسەند لە ڕووی هێزی جیاكارییەوە هەژماركران.

### 3-7-1-4-3 كارایی جێگرەوەی هەڵەكان

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بە بەكارهێنانی هاوكێشەی تایبەت بە دیاریكردنی كارایی هەر جێگرەوەیەكی هەڵە (كە زۆرجار بە بەراوردكردنی ژمارەی هەڵبژاردنی جێگرەوەكە لەلایەن گرووپی ئاستنزم و ئاستبەرزەوە دەكرێت)، كارایی جێگرەوە هەڵەكانی بۆ هەموو (30) برگەكەی جۆری هەڵبژاردن شیكردەوە. ئەنجامەكان نیشانیاندا، كە بەهای كارایی بۆ جێگرەوە هەڵەكان دەكەوێتە نێوان (0.48-) و (0.04-). گرنگتر لەم ژمارانە، شیكارییە وردەكان دەریانخست، كە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا، جێگرەوە هەڵەكان توانیبوویان سەرنجی ژمارەیەكی زیاتری قوتابیانی گرووپی ئاستنزم ڕابكێشن بەراورد بە ژمارەی قوتابیانی گرووپی ئاستبەرز. بە پێی پێوەرەكان، ئەگەر جیاوازیی ڕێژەی هەڵبژاردنی جێگرەوەیەک لە نێوان گرووپی ئاستنزم و ئاستبەرزدا نێگەتیف بێت (واتە ئاست نزمەكان زیاتر هەڵیان بژاردووە)، ئەوا جێگرەوەكە بە كارا دادەنرێت. زۆربەی سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن، كە ئەگەر ئەم جیاوازییە زیاتر بێت لە (0.05-)، ئەوا جێگرەوەكە بە شیاو و كارا دادەنرێت.

### 3-7-1-4-4 جێگیریی تاقیكردنەوەكە

تاقیكردنەوەیەكی جێگیر ئەوەیە، كە ئەگەر هاتوو هەمان تاقیكردنەوە زیاتر لە جارێک بەسەر هەمان گرووپ لە تاكەكاندا و لە هەلومەرجێكی هاوشێوەدا جێبەجێبكرێتەوە، ئەوا دەبێت هەمان ئەنجام یان ئەنجامێكی زۆر نزیک لەوەی پێشوو بەدەستبهێنێت. هەر كاتێک تاقیكردنەوەیەک ئەم تایبەتمەندییەی هەبوو، ئەوا دەتوانرێت بە تاقیكردنەوەیەكی جێگیر و جێی متمانە ئەژماربكرێت (الشجيري و الزهيري، 2022: 282).

توێژەر پشتیان بە یەكێک لە شێوازە باوەكانی خەمڵاندنی جێگیری بەست، كە بریتییە لە شێوازی (تاقیكردنەوە و دووبارەكردنەوەی تاقیكردنەوە - Test-Retest Method). توێژەر ئەم ڕێكارەیان لەسەر هەمان ئەو (100) قوتابییەی قوتابخانەی (شەهید ئازاد هەورامی بنەڕەتی كچان) ئەنجامدا، كە بۆ شیكاریی برگەكان بەكارهێنرابوون، پاشان دوای ماوەی نزیكەی (دوو هەفتە)، هەمان تاقیكردنەوە دووبارە بەسەر هەمان قوتابیاندا جێبەجێكرایەوە. تاقیكردنەوەكە لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێكەوتی (2025/3/26) ئەنجامدرا. ئەم ماوە كاتییەی نێوان دوو تاقیكردنەوەكە (دوو هەفتە) بەپێی زۆربەی سەرچاوەكانی پێوانە و هەڵسەنگاندن بە ماوەیەكی گونجاو دادەنرێت، توێژەر بە بەكارهێنانی هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن (Pearson Correlation Coefficient)، پەیوەندی نێوان نمرەكانی هەردوو جارەكەی هەژمار كرد. ئەم بەهایە وەک هاوكۆلكەی جێگیری تاقیكردنەوەكە هەژماركرا. ئەنجامی هەژماركردنەكە نیشانیدا، كە بەهای هاوكۆلكەی جێگیری بریتی بوو لە (0.79). ئەم بەهایە بە بەهایەكی گونجاو دادەنرێت، ئەگەر جێگیرییەكەی لە نێوان (0.70 – 0.90) بێت، ئەوا بە تاقیكردنەوەیەكی باش و جێگیر دادەنرێت.

### 3-7-2 ئامادەكردنی تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی پێكەوەبەستراو بۆ قوتابیان لە بابەتی جوگرافیا

لەبەر نەبوونی پێوەرێكی گونجاو بۆ پێوانەكردنی بیركردنەوەی پێكەوەبەستراو لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتەكۆمەڵایەتیەكان/جوگرافیا، كە لەگەڵ پێداویستییەكانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت، توێژەر تاقیكردنەوەیەكی سەرەتاییان ئامادەكرد، كە برگەكان بەشێوەیەك دارێژراون، كە لەگەڵ بابەت و سروشتی نموونەی توێژینەوەكە بگونجێت، كە پێكهاتبوو لە (32) برگە بە شێوازی (هەڵبژاردن) بۆ هەربڕگەیەك (4) جێگرەوە (بەدیل) لەخۆدەگرێت.

### 3-7-2-1 ڕاستگۆیی لە تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی پێكەوەبەستراو

لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، دوای کۆکردنەوەی بۆچوونی پسپۆڕان، توێژەر بە بەکارهێنانی هەردوو شێوازی ڕێژەی سەدیی ڕێککەوتن و هەروەها هاوکێشەی ڕێککەوتنی جی کوپەر (J. Cooper)، ڕادەی هاوڕایی و ڕێککەوتنی نێوان هەڵسەنگێنەرانی شیکردەوە. بڕیاردرا، کە هەر بڕگەیەک یان لایەنێکی پێوەرەکە، ڕێژەی ڕێککەوتنی پسپۆڕان لەسەری (96%)ە، لەبەر ئەوەی ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەر زۆربەی لایەنەکانی پێوەرەکە لەم ئاستەدا بوو، یان بەرزتر بوو، توێژەر پشتی بە ڕاوبۆچوونی ئەم پسپۆڕانە بەست و پێوەرەکەی وەک ئامرازێکی خاوەن ڕاستێتیی گونجاو بۆ بەکارهێنان لە توێژینەوەکەدا پەسەندکرد.

## 2-2-7-3 ئەزموونی بەرایی (سەرەتایی) (التجربة الاستطلاعية)

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم ئەزموونکردنە، بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ڕوونیی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بۆ جێبەجێکردن و دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە، توێژەر ئەزموونی سەرەتایی لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا، کە ژمارەیان بریتی بوو لە (50) قوتابی لە قوتابخانەی (شەهید ئازاد هەورامی بنەڕەتی کچان)، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە، لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (2025/2/10)، دەرکەوت بڕگەکانی تاقیکردنەوە ڕوون و ئاشکران و هیچ ئاڵۆزی و ناڕوونییان تێدانییە، کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکرنەوەکە بریتی بوو لە (٤٠) خولەك لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:

کاتی تاقیکردنەوە = (کاتی تەواوکردنی یەکەمین قوتابی + کاتی تەواوکردنی کۆتا قوتابی) / ٢. بەپێی ئەم هاوکێشەیە، کاتی پێویست بریتی بوو لە (٤٠) چل خولەک: (٢٧ خولەک + ٤٩ خولەک) / ٢ = 38 خولەک.

## 3-2-7-3 شیکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە Test Items Analysis

دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە، بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانیی بڕگەکان و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان، توێژەر تاقیکردنەوەکەیان لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدا، نموونەی بەراییان لە قوتابخانەی (چوارچرای کچانی بنەڕەتی و کاردۆخی بنەڕەتی کوڕان) هاوشێوەکرد، کە پێکهاتبوو لە (100) قوتابی، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە لە پێنجشەممە، ڕێکەوتی (2025/2/13)، پاشان ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بە شێوەی ژماردنی سەربەرەخوار (تنازلي) لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، وە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕێژەی (27%) لە گرووپی ئاستبەرز و (27%) لە گرووپی ئاستنزم، کە کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان دەکاتە (54) قوتابی، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گرووپی بەشێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە.

### 1-3-2-7-3 هاوکۆڵکەی گرانیی بڕگەکانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو

ئەم هاوکۆلکەیە بریتییە لە ڕێژەی سەدی ئەو قوتابیانەی، کە توانیویانە بە دروستی وەڵامی ئەو بڕگە تایبەتە بدەنەوە، لە کۆی گشتی ئەو قوتابیانەی کە هەوڵی وەڵامدانەوەی بڕگەکەیان داوە (McNamara،2000: 65-70)، بە واتایەکی تر، هەرچەندە ڕێژەی وەڵامی دروست زیاتر بێت، بڕگەکە ئاسانترە و بە پێچەوانەشەوە. بۆ دەرهێنانی هاوکۆڵکەی گرانی بۆ هەر یەک لە (32) بڕگەکەی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو، توێژەر یاسا و هاوکێشەی ستانداردی تایبەت بە هاوکۆڵکەی گرانی بەکارهێنا (کە بریتییە لە کۆی ژمارەی وەڵامە دروستەکان لە هەردوو گرووپی ئاست بەرز و نزم دابەشکراو بەسەر کۆی ژمارەی قوتابیان لە هەردوو گرووپدا). لە ئەنجامی شیکارییەکاندا، دەرکەوت، کە ئاستی گرانیی بڕگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە دەکەوێتە نێوان (0.26) و (0.80). ئەم مەودایە بۆ تاقیکردنەوەکانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بە گشتی بە مەودایەکی پەسەندکراو دادەنرێت. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن، ئاستی گرانیی (یان ئاسانیی) بڕگەیەک بە پەسەند دادەنرێت، ئەگەر بەهای هاوکۆڵکەکەی بکەوێتە نێوان (0.20) و (0.80) یان (20% بۆ 80%). لەبەر ئەوەی هەموو بڕگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە پەسەندکراو بوون بڕیاردرا، کە لە ڕووی ئاستی گرانییەوە گونجاون.

### 2-3-2-7-3 هێزی جیاکاریی بڕگەکانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو

توێژەر بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکاری هەریەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، پشتیان بە هاوکێشەیەکی ستانداردی تایبەت بەم مەبەستە بەست (کە بریتییە لە جیاوازیی نێوان ڕێژەی وەڵامی دروستی گرووپی ئاستبەرز و ڕێژەی وەڵامی دروستی گرووپی ئاستنزم بۆ هەمان بڕگە). لە ئەنجامی شیکارییەکاندا دەرکەوت، کە بەهای هاوکۆڵکەی هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو دەکەوێتە نێوان (0.22) و (0.63). بەپێی پێوەرە باوەکان لە بواری پێوانە و هەڵسەنگاندندا، بە گشتی هەر بڕگەیەک، کە هاوکۆلکەی هێزی جیاکارییەکەی (0.20) یان زیاتر بێت، بە بڕگەیەکی پەسەندکراو و خاوەن هێزی جیاکاریی باش دادەنرێت. لەبەر ئەوەی هەموو بڕگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە بەهای هێزی جیاکارییان لە (0.20) زیاتر بوو، ئەوا هەموویان وەک بڕگەی پەسەند لە ڕووی هێزی جیاکارییەوە هەژمارکران.

### 3-3-2-7-3 کارایی جێگرەوەی هەڵەکان بۆ بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تایبەت بە دیاریکردنی کارایی هەر جێگرەوەیەکی هەڵە (کە زۆرجار بەراوردکردنی ژمارەی هەڵبژاردنی جێگرەوەکە لەلایەن گرووپی ئاستنزم و ئاستبەرزەوە دەکرێت)، کارایی جێگرەوە هەڵەکانی بۆ هەموو (32) بڕگەکەی جۆری هەڵبژاردن شیکردەوە. ئەنجامەکان نیشانیاندا، کە بەهای کارایی بۆ جێگرەوە هەڵەکان دەکەوێتە نێوان (-0.33) و (-0.04). گرنگتر لەم

ژمارانە، شیکارییە وردەکان دەریانخست، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، جێگرەوە هەڵەکان توانیبوویان سەرنجی ژمارەیەکی زیاتری قوتابیانی گرووپی ئاستنزم ڕابکێشن بەراورد بە ژمارەی قوتابیانی گرووپی ئاستبەرز. بە پێی پێوەرەکان، ئەگەر جیاوازی ڕێژەی هەڵبژاردنی جێگرەوەیەک لە نێوان گرووپی ئاستنزم و ئاستبەرزدا نێگەتیف بێت (واتە ئاستنزمەکان زیاتر هەڵیانبژاردووە)، ئەوا جێگرەوەکە بە کارا دادەنرێت. زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەگەر ئەم جیاوازییە زیاتر بێت لە (-0.05)، ئەوا جێگرەوەکە بە شیاو و کارا دادەنرێت (الظاهر وآخرون، 1999: 131). لەبەر ئەوەی زۆرینەی جێگرەوە هەڵەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەم مەرجەیان تێدا بوو، بڕیاردرا، کە بە گشتی شیاون.

## 4-2-7-3 جێگیریی تاقیکردنەوەکە بۆ بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو

توێژەر تاقیکردنەوەیان لەسەر (100) قوتابی لە قوتابیانی قوتابخانەی (چوارچرای کچانی بنەڕەتی و کاردۆخی بنەڕەتی) ئەنجامدا، لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (2025/2/27)، پشت بەستراو بە شێوازی (تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە) و جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم ماوەی نزیکەی (دووهەفتە) بوو، کە بەپێی سەرچاوەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن بە کاتێکی گونجاو دادەنرێت, هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Pearson correlation Coefficient) لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی جێگیریی تاقیکردنەوە بە بەهای (0,75) بۆ بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەر تاقیکردنەوەیەك جێگیریەکەی لە نێوان (0,70 – 0,90) بێت یان نزیک لێی بە تاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت.

## 8-3 ئامرازە ئامارییەکان: Statistical Treatment

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر هەگبەی ئاماریی (SPSS-version30)یان بەکارهێناوە.

# 4- بەشی چوارەم

# خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنیان

## 1-4 خستنەڕووی ئەنجامەکان

**1-1-4 گریمانەی یەکەم** (جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی کۆمەڵایەتی/جوگرافیا لەنێوان ناوەندە نمرەی گرووپی ئەزموونی، کە بابەتی وانەکانیان بەپێی ستراتیجییەتی ((نێردراوی گەرۆك)) پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وەردەگرن).

بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی تی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ - t. test) بۆ بەراوردکردنی دوو گرووپی سەربەخۆ لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان SPSS)، بۆ وردەکاریی ئەنجامەکان.

خشتەی ژمارە( 8 )

ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای تی(T.test) ئەژمارکراو و خشتەیی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گرووپ بۆ دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی جوگرافیادا

| گرووپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی(t) ئەژمارکراو | نرخی(t) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 20 | 24.50 | 4.92 | 2.043 | 2.024 | 38 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 21.15 | 5.44 | | | | |

بەپێی خشتەی(8)، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵکراو لە ئاستی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی قوتابیان لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی، واتە (ستراتیجی (نێردراوی گەڕۆك)) کاریگەری هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی جوگرافیا بەراورد بە ڕێگە ئاسایی، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری)، کە توێژەر دایناوبوو، ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (البدیل) پەسەنددەکرێت، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گرووپ، دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ دەرەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر، لەوانە (ناصر، 2024) و (الجلیحاوی، 2022).

**2-1-4 گریمانەی دووەم**: (جیاوازیی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی، کە بە ستراتیجییەتی ((نێردراوی گەڕۆك)) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بەرەو بابەتی خوێندن).

خشتەی ژمارە( 9 )

ناوەندەژمێرەی و لادانی پێوەری و بەهای تی(T.test) ئەژمارکراو و خشتەیی لە نێوان جیاوازیی نمرەکانی پێشی و پاشی قوتابیانی هەردوو گرووپی قوتابیان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بەرەبابەتی جوگرافیا

| گرووپ | ژمارەی | ناوەندە | لادانی | نرخی (t) | نمرەی | ئاستی |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | قوتابیان | ژمێرەدی | پێوەری | ئەژمارکراو | خشتەیی | ئازاد | بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 20 | 12.05 | 4.63 | 4.831 | 2.024 | 38 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 5.55 | 3.83 | | | | |

له خشتەی (9)دا دەردەکەوێت، کە جیاوازیی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەی جیاوازیی نمرەکانی پێشی وپاشی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە ناوەندە ژمێرەی نمرەکانی پێشی وپاشی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆلکراو لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی دایە، واتە ستراتیجی ((نێردراوی گەرۆك)) کاریگەری هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو بەرە بابەتەکۆمەڵایەتیەکان /جوگرافیا بەراورد بە رێگە ئاسایی، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری)، کە توێژەر دانابوو رەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (البدیل) پەسەنددەکرێت، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گرووپ. دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ دەرەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر، لەوانە (الحجیمی، 2024) و (محسن، 2024).

## 2-4 تاوتوێکردنی ئەنجامەکان:

لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکان، کە لە خشتەکانی (8) و (9)دا خراونەتەڕوو، توێژەر گریمانەی (سفری) رەتدەکەنەوە و گریمانەی (جێگرەوە) پەسەنددەکەن، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە لە رووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە دەستکەوتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بەرەو بابەتی جوگرافیا هەیە، لە نێوان هەر دوو گرووپی توێژینەوە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی، کە بابەتەکەیان خوێندووە بەپێی ستراتیجی ((نێردراوی گەرۆك)) بەراورد بە گرووپی کۆنترۆلکراو، کە هەمان بابەت بەرێگای ئاسایی وەرگرتووە.

بۆیە ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە روووندەکاتەوە، کە گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوە (ستراتیجی (نێردراوی گەرۆك)) کارایی هەیە، جیاوازی لەسەر قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی لە دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەیان دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی فێرکردندا درووستبکات ، هەروەها وا لە قوتابی دەکات، ببنە چەق و ناوەندی سەرەکی کارایی بابەتەکە، چونکە قوتابی بەشداری وانەکە دەکات و پرسیاردەکات و وەڵامدەداتەوە و بوار ناهێڵێتەوە قوتابی بێ ئاگابێ لە وانەکەی، هەڵبەتە ئەمەش وایان لێدەکات باوەڕیان بەخۆیان بێت، کاتێک مامۆستا دەیەوێت بەهاو بیرێکی دیاریکراو لەنێوانیان بچێنێت، چەندین لێهاتوویی وەک خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان پەرەپێدەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیان بە هۆی ئەو ژینگەیەی کە بۆیان رێکخراوە لەلایەن مامۆستاوە لەنێو پۆلی خوێندندا و مانەوەی ئەو زانیارییانە لە هزریاندا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر لە داهاتوودا، سەرئەنجام گەشە بە بیرکردنەوە بەرەو بابەتەکە زیاتر دەبێت و بە ئەرێنی کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن قوتابیانی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵکراو.

## 5- بەشی پێنجەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

## 1-5 دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەبەر رۆشنای ئەنجامەکان و سنووری توێژینەوەکە، توێژەر ئەم دەرئەنجامانە دەخەنەڕوو:

1- کاریگەریی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی (ستراتیجی نێردراوی گەرۆک) لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەراورد بە فێرکردنی شێوازی ئاسایی، بەو پێیەی ئەنجامی ئەرێنی بەدەستدەهێنیت لە زیادکردنی توانای قوتابیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٢- بەکارهێنانی (ستراتیجی نێردراوی گەرۆک) دەبێتە هۆکاری باشترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی جیاواز لەنێو قوتابیاندا، بەشێوەیەکی باش جیا لە شێوازی ئاسایی وانەوتنەوە، ئەمەش بە ئەنجامی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی جیاواز بۆ هەردوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) پشتڕاستکرایەوە.

٣- بەکارهێنانی (ستراتیجی نێردراوی گەرۆک) لە فێرکردنی بابەتی جوگرافیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی ئەکادیمی و بیرکردنەوەی پێکەوەبەستراو لەنێو قوتابیان هەیە.

## 2-5 ڕاسپاردەکان

پش بەست بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخەنەڕوو :

١- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر (ستراتیجی نێردراوی گەرۆک) و بەکارهێنانی لە وانەوتنەوە لە بابەتی جوگرافیا لەسەر ئاستی قوتابخانەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردەوە.

٢- هاندانی مامۆستایان بۆ گرنگیدان بە بیرکردنەوە و ڕێکخستنی کاراییە دەروونییەکانی قوتابیان لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی پلەیەکی بەرزی گرنگیدان و سەرنجدان، کە پاڵیان پێوە دەنێت، بۆ ئەوەی بزانن، لە دۆخێکی نوێی چارەسەرکردنی کێشەکاندا و زیادکردنی بیرکردنەوەیان چی ڕوودەدات.

## 3-5 پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکاندا، توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانەی خوارەوە لە داهاتوودا دەکەن:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر کاریگەریی (ستراتیجی نێردراوی گەڕۆک) لە گۆڕاوەکانی تر، وەک بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی سیستەمەکان و بیرکردنەوەی زانستی، پاڵنەری فێربوون لە قۆناغەکانی تر.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی تر هاوشێوەی توێژینەوەکانی ئێستا، کە گۆڕاوەی رەگەز لەبەرچاو بگرن.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە هاوشێوەی توێژینەوەکانی ئێستا لە بابەتەکانی تر وەک (بایۆلۆجی و کیمیا و مێژوو).

## لیستی سەرچاوەکان


1- احمد، شێرزاد علی (٢٠١٦): کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی هەژاندنی هزری لەبەدەستهێنانی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لە وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

2- احمد، شێرزاد علی(٢٠٢٣): کاریگەریی ستراتیجی کاراکەرەوە درکییەکان و رێکخراوە پێشکەوتووەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوورمەودا لە بابەتی مێژوو لای قوتابیانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)کۆلێژی پەروەردە بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

3- خالد، رزگار حمەلاو (٢٠٢٣): کارایی پرۆگرامێکی فێرکاری فێربوون بە بەکارهێنانی مۆدیلی(mat**4**) بۆ بەدەستهێنانی لێوەشاوەیی وانەوتنەوە و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامان لای قوتابیانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بابەتی رێگاکانی وانەوتنەوە، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)کۆلێژی پەروەردە بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

4- عزیز، کریم احمد (٢٠14) بنەما گشتیەکانی رێگاکانی وانەوتنەوە، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

5- فتح الله، لانە بهزاد حمەرشید (٢٠٢٢): کاریگەری نەخشەکانی زیری لە گەشەپێدانی چەمکە مێژوویەکان و ئاراستەی قوتابیان بەرەو بابەتی مێژوو لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)کۆلێژی پەروەردە بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

6- محمد، هەڵۆ کەریم (٢٠٢٢) : کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی کارتە کراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)کۆلێژی پەروەردە بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

7- احمد، هبه عبدالمحسن، نموذج تدريسي مقترح قائم على النظرية البنائية الاجتماعية في تدريس الاقتصاد المنزلي لطالبات الصف الأول الثانوي وأثره في تنمية الوعي بإدارة الموارد والتدفق الأكاديمي، مجلة كلية التربية، جامعة بني سويف، العدد ابريل، (٢٠٢٠)، ل٢١٢.

8- الجبوري، بارق عبد الحسين علي، أثر استراتيجية المراسل المتنقل في اكتساب المفاهيم البلاغية لطلاب الصف الخامس الأدبي، كلية التربية الاساسية (جامعة صلاح الدين اربيل)، عدد خاص، (٢٠٢٣)، ل١٧٨.

9- الجليحاوي، نصير مغير عبدعون، (٢٠٢٢) فاعلية استراتيجية المراسل العلمي المتنقل في حل المسائل الفيزيائية لدى طلاب الصف الرابع العلمي وتفكيرهم المتشعب، رسالة الماجستير (غير منشورة)، كلية التربية، جامعة القادسية.

10- الحجيمي، عباس كاظم نعمة، (٢٠٢٤) أثر استراتيجية قطبي المغناطيس في التحصيل والتفكير الترابطي عند طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة اللغة العربية، رسالة الماجستير (غير مەنشورة)، كلية التربية، جامعة القادسية.

11- الخفاجي، اسراء عبد العباس جواد (٢٠٢٣) أثر إستراتيجية (T.A.p.p.S) في التعبير الوظيفي عند طالبات الصف الرابع الأدبي، رسالة الماجستير (غير منشورة)، كلية التربية الأساسية، جامعة بابل.

12- الدريج، محمد، جمال الحنصالي و علي الموسوي وسام عمارو علي سعود حسن و محمد الشيخ حمود (٢٠١١) : معجم مصطلحات المناهج وطرق التدريس، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم (السكو)، مكتب تنسيق التعريب في الوطن العربي، الرباط- المغرب.

13- الشجيري، الزهيري، ياسر خلف و حيدر عبدالكريم(2022): اتجاهات حديثة في القياس والتقويم النفسي والتربوي، ط1، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

14- الشمري، ماشي بن محمد، (٢٠١١) : ١٠١ استراتيجية في التعلم النشط، السعودية وزارة التربوية والتعليم.

15- الشنجار، أحمد علي، أثر استراتيجية المندوب المتنقل في تحصيل مادة الاجتماعيات لدى طلاب الصف الثاني متوسط، مجلة علمية محكمة، العدد(١٩)، (٢٠١٩)، ل٢١٣.

16- الصيفي، عاطف، (٢٠٠٩) المعلم وإستراتيجيات التعليم الحديث، الطبعة الاولى، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان - الأردن.

17- الظاهر, زكريا محمد، جاكلين تمرجيان، و جودت عزت عبدالهادي (1999): مبادئ القياس والتقويم في التربية، ط1، دار الثقافة، عمان.

18- العبدالله، محمد و عبدالمهدي، ميثم، دور استراتيجية المندوب المتنقل في دافعية الإنجاز والكفاءة المتعلمي المرحلة المتوسطة، المجلة العربية للعلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد(٢٢)، (٢٠٢٣)، ل٦.

19- العزاوي، أحمد فارس أحمد علي، أثر أنموذج التوستل في تنمية التفكير التقاربي عند طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة قواعد اللغة العربية، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، العدد(٩)، (٢٠٢٣)، ل١٨٨-١٨٩.

20- العوادي، علي حاكم عناد، أثر استراتيجية OE3R في التفكير الترابطي لدى طلاب الصف الخامس العلمي في مادة علم الأحياء، مجلة علمية محكمة تصدر عن كلية التربية الأساسية - جامعة بابل، العدد(٦٢)، (٢٠٢٣)، ل٢٧٦.

21- الغامدي، فورية خميس سعيد، فعالية التدريس وفقا للنظرية البنائية الاجتماعية في تنمية بعض عمليات العلم ومهارات التفكير فوق المعرفي والتحصيل في مادة الأحياء لدى طالبات المرحلة الثانوية بمنطقة الباحه، مجلة بحوث التربية النوعية، جامعة المنصورة، عدد (٢٤)، (٢٠١٢)، ل١٣.

22- الفتلاوي، أفراح علي حسين (٢٠٢٤) الترابط التخيلي الإبداعي وعلاقته بقلق الإفصاح لدى طلبة المدارس المتميزين وأقرانهم العاديين، رسالة الماجستير (غير منشورة)، كلية التربية قسم العلوم التربوية والنفسية، جامعة القادسية.

23- الفتلي، سماح عبد الكريم عباس و نور، محمد شاكر، تقويم كتاب الفيزياء للصف الثاني المتوسط في ضوء مهارات التفكير الترابطي، مجلة علمية محكمة، العدد(٢٨)، (٢٠٢١)، ل٣٣٥-٣٣٦.

24- اللامي، صلاح خليفة خدادة و المحمداوي، بهاء شبرم غضيب، اثر نمطين من انماط التعلم الحسي الادراكي في تنمية التفكير الترابطي لدى طلبة الصف الثاني المتوسط، مجلة أبحاث البصرة للعلوم الإنسانية، العدد(٤)، (٢٠١٩)، ل٢٧.

25- النبهان، مسلم محمد جاسم و الجليحاوي، نصير مغير، فاعلية استراتيجية المراسل العلمي المتنقل في التفكير المتشعب لدى طلاب الصف الرابع العلمي، المجلة عێراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية، العدد(٥)، (٢٠٢٢)، ل٢٨٨.

26- النبهان، مسلم محمد جاسم، فاعلية استراتيجية المراسل العلمي المتنقل في التفكير المتشعب لدى طلاب الصف الرابع العلمي، المجلة عێراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية، العدد(٥)، (٢٠٢٢)، ل٢٨٨.

27- جسام، رانيا محمد و عبدالله، سماء ابراهيم، أثر إستراتيجية المراسل المتنقل في التفكير الإيجابي لدى طلبة كلية التربية الاساسية / قسم العلوم في مادة الطحالب والفطريات العملي، مجلة ابحاث الذكاء، العدد(٣٢)، (٢٠٢١)، ل٣٥٥.

28- حردان، حردان احمد و عاجل، سلر نصار، فاعلية استراتيجية المراسل المتنقل في تنمية مهارات التفكير المنظومي لدى طالبات الصف الرابع العلمي في مادة الفيزياء، مجلة كلية التربية للعلوم الانسانية - جامعة ذي قار، العدد(٣)، (٢٠٢٢)، ل١٩٢.

29- حسين، حيدر فاضل (٢٠٢٤) بناء برنامج تدريبي قائم على تطبيقات الذكاء الاصطناعي المدرسي مادة الحاسوب في التعليم المهني وأثره في تنمية مهاراتهم الإبداعية في حل المشكلات، رسالة الماجستير (غير منشورة)، كلية التربية قسم العلوم التربوية والنفسية، جامعة القادسية.

30- رمضان، منال حسن (٢٠١٦) : استراتيجيات التعلم النشط (التعلم النشط-ضبط الذات-التفكير االيجابي-البداع والشعور اإلبداعي)، شركة دار االكاديميون للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

31- ريان، محمد هاشم، (٢٠٠٦) مهارات التفكير وسرعة البديهة وحقائب تدريبية، الطبعة الاولى، دار حنين للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

32- زيتون، عايش محمود، (٢٠٠٧) النظرية البنائية واستراتيجيات تدريس العلوم، الطبعة الاولى، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

33- شاكر، أنوار فاروق، تقويم أداء تدريسي التاريخ في جامعة ديالى على وفق مبادئ التعلم النشط، مجلة الفتح، العدد(٧٥)، (٢٠١٨)، ل٣٩٥.

34- شاكر، هدى محمود و بريسم، منتهى فهد، اثر استراتيجيتي خرائط التفكير وحدائق الافكار في تحصيل طالبات الصف الخامس الأدبي في مادة الادب والنصوص، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية، العدد(٢٥)، (٢٠١٦)، ل٢٩٥.

35- صالح، رحيم على و داخل، سماء تركي (٢٠١٨) المنهج والكتاب المدرسي، مكتب نور الحسن للطباعة والتنضيد، الطبعة الأولى، بغداد.

36- عباس، حنين ميسم و الزهيري، نجلاء عباس (٢٠٢٣)، أثر استراتيجية المراسلة المتنقلة في التوافق النفسي الاجتماعي وتعلم مهارة الإرسال بالكرة الطائرة لدى طلاب المرحلة الإعدادية، كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة للبنات جامعة بغداد.

37- عبد، صفاء حسين، أثر إستراتيجية المواجهة في التفكير التقاربي لطلاب الصف الثالث المتوسط في مادة علم الاحياء، مجلة نسق، العدد(٤)، (٢٠٢٢)، ل٢٧٨.

38- عبدالرضا، نجدت عبد الرؤوف و الكبيسي، ياسر عبد الواحد حميد، أثر إستراتيجيتي التعلم التوليدي والتساؤل الذاتي في تحصيل مادة الجغرافية و التفكير التأملي عند طلاب الصف الخامس الأدبي، مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية، العدد(٢)، (٢٠١٢)، ل٣٤٩.

39- على، اسماء رعد (٢٠٢٤) أثر انموذج بيركنز وبلايث في تحصيل طالبات الصف الثاني المتوسط في مادة علم الاحياء والحس العلمي لديهن، رسالة الماجستير (غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الصرفة ابن الهيثم، جامعة بغداد.

40- علي، محمد ابراهيم، أثر استراتيجيتي عظم السمك وتسلق الهضبة في اكتساب المفاهيم التاريخية واستبقائها لدى طالبات الصف الأول المتوسط، مجلة الأستاذ، العدد(٢٢٣)، (٢٠١٧)، ل٢٣٢.

41- عواد، يوسف ذياب و زامل، مجدي علي (٢٠١٠) : التعلم النشط نحو فلسفة تربوية تعليمية فاعلة، ط١، دار المناهج، عمان – الاردن.

42- قطامي، يوسف محمد (٢٠٠٦) تعليم التفكير لجميع الأطفال، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

43- محسن، كرار حسن، (٢٠٢٤) اثر استراتيجية التحليل الشبكي في تحصيل طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة الكيمياء والتفكير الترابطي لديهم، رسالة الماجستير (غير مهنشورة)، كلية التربية الأساسية، الجامعة المستنصرية.

44- محمد، شهلاء جاسم (٢٠٢٠) اثر استراتيجية البطاقات المروحية في التفكير الانتاجي التقاربي عند طالبات مادة الكيمياء للصف الثاني المتوسط، كلية التربية للعلوم الصرفة ابن الهيثم، جامعة بغداد.

45- معافة، صباح و ختاش، محمد، مقترح لتفعيل التعليم الرقمي مبني على استراتيجيات التعلم النشط في الجامعة الجزائرية، مجلة علمية دولية نصف سنوية، العدد(٢)، (٢٠٢٣)، ل٤٢٤.

46- ناصر، أحمد حسن، تأثير استراتيجية المراسل المتنقل في تعلم مهارتي الدحرجة والمناولة بكرة القدم للطلاب، مجلة ميسان لعلوم التربية البدنية، العدد(٢٩)، (٢٠٢٤).

47- هادي، شهلة حسن، أثر إستراتيجيتي المندوب المتنقل وترشيح الأفكار في تحصيل طالبات الصف الخامس الأدبي في مادة البلاغة والتطبيق، مجلة آداب المستنصرية، العدد (٨٥)، (٢٠١٩)، ل٥٣٨.

48- McNamara, T. F. (2000). Language testing. Oxford University Press.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-09

# The Effect of Using a " Rovin Reporter " Strategy on the Achievement and Development of their Associative Thinking among Eighth Grade Students in the Social Sciences

**Extracted from MA Thesis**

**Sardar Abdulrahman Husein[1], Kurdistan Hamid Muhamad[2], Ibrahim Qasm Darwesh[3]**

1- Department of Social Sciences, College of Basic Education, University of Garmian, Kurdistan Region – Iraq
2- Kalar Technical College, Garmian Polytechnic University, Kurdistan Region, Iraq
3- Department of Geography, College of Education, University of Garmian, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| Received | **July, 2025** |
|---|---|
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October , 2025** |

**Keywords**

( Effectiveness Rovin Reporter Strategy , achievement , Development of their Associative Thinking)

**Corresponding Author**

sardar.abdull85@gmail.com
Kurdistan.mohammed@gpu.edu.iq
Ibraheem.qasim@garmian.edu.krd

## Abstract:

The objective of this research was to determine (The Effect of Using a " Rovin Reporter " Strategy on the Achievement and Development of their Associative Thinking among Eighth Grade Students in the Social Sciences). To achieve this objective, the researcher employed a quasi-experimental design with the research methodology. The research population consisted of eighth-grade elementary students within the Halabja Education Directorate it consisted of (41) schools. For sample selection, (Hassan Awa) Elementary School was [illegible] and the groups were balanced on variables including previous year's social studies grades, age, intelligence level, parents' education level, and prior knowledge test. For determining study content during the experimental period, the researcher selected three units from the social studies textbook. To formulate research objectives according to the subject content, the researcher developed 125 objectives based on Bloom's taxonomy in the cognitive domain at levels of remembering, understanding, applying, and analyzing. The researcher prepared an achievement test consisting of 30 multiple-choice items and their Associative thinking development test comprising 32 items. Statistical analysis using SPSS-30 confirmed both tests' validity and reliability. Results showed significant statistical differences favoring the experimental group in both achievement and their Associative thinking development compared to the control group.